# (ئەنفال تاوانی سەدە..

# وەك پێویست پەندی

# لێوەرنەگیراوە)


**دانا دارا حسین**

**ڕاوێژکاری یاسایی پەرلەمانی کوردستان**


**٢٠١٦/٤/١٤**

ئەنفال ناونیشانی ئەو تاوانە گەورەیەیە کە ڕژێمی بەعس ساڵی ١٩٨٨ دژی گەلێکی موسڵمان ئەنجامیداوە ، وە گەورەترین زیانی مرۆیی و ماددی و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی لێکەوتەوە، کە تا ئێستاش ئاسەواری ئەم زامە قوڵە ساڕێژ نەبووە.

ئەگەرچی سەرانی بەعس دادگایی کراون لەسەر ئەم کەیسە لە بەرواری ٢٠٠٧/٦/٢٤ و سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەرچوە، وە تاوانەکە بە جینۆساید ناسێنراوە، بەڵام ئەوەی بۆ ئەم تاوانە کراوە زۆر کەمترە، و پاش ٢٨ساڵ کسوکاری قوربانیان زۆر کەمیان بۆ کراوە و قەرەبو نەکراونەتەوە ودەسەڵاتیش لە هەرێمی کوردستان زۆر کەمتری کردووە و بەئەندازەی قوربانیەکە نەبووە.

جەلادەکانی بەعس لەکۆماری ترسەکەیاندا ستەمیان بەرامبەر قورئان و خوای میهرەبان کرد کە ووشەی ئەنفالیان بەکارهێنا .

قۆناغەکانی ئەنفال هەشتن و لە ٢٨/شوبات/١٩٨٨ تا ٢٦/ئابی هەمان ساڵی خایاند.

– تاوانی بەناو ئەنفال فرە ڕەهەند بووە لەوانە:

١– تێکدان و هەڵوەشاندنەوەی خێزان.

٢– دروست کردنی گرێی دەرونی.

٣– کوشتنی ڕەگەزی نەتەوەیەك کە لە ٥٤٪نێر و٤٦٪مێ بوون .

٤–سوکایەتی بە کەرامەت و شکاندنی کەسایەتی.

٥– وڵاتی وێران و سوتاو(سیاسة الارض المحروقة).

– ئایا ئەنفالی کورد جینۆسایدە؟!

تاوانی لەناوبردنی ڕەگەزی مۆریی(جینۆساید بریتیە لە کوشتنی کۆمەڵە مۆرڤێك بەهۆکاری جۆراوجۆ)وە ئەم جۆرە تاوانە چەند لایەنێکی سیاسی و تاوانکاری و نەفەسی ڕژێمەکان نیشان دەدات کە بە هۆی ئەم تاوانەوە ئاسایش و ئۆقرەیی کۆمەڵگا دەخەنە مەترسیەوە.

*التكيف القانوني للجريمة:

**١–تاوانی ئەنفال جینۆسایدە بەپێی ڕێکەوتننامەی قەدەغەیی تاوانی جینۆساید کە لە ساڵی ١٩٤٨ نەتەوە یەکگرتووەکان دەری کردوە وە عێراق ساڵی ١٩٥٩ ئیمزای لەسەر کردووە.**

**٢–دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق بە یاسایەك لە ساڵی٢٠٠٥ تەشکیل بووە وە ئەم تاوانەی بە جینۆساید نانساندووە، کە بەپێ ی ئەم یاسایە ئەو تاوانانەی کە بە جینۆساید دادەنرێت نابێت لێخۆشبوون بیان گرێتەوە، ئەمەش واتە (عفو)ەکەی بەرەی کوردستانی یاسایی نیە.**

**٣–تەواوی ڕێکەوتننامە و نێودەوڵەتیەکان عێراق ئیمزای لەسەر کردووە، وە پابەندی خۆی پێوە دەربڕیووە.**

*تحديد مسؤولية الحكومة العراقية أمام الجريمة:

**دەوڵەت بەرپرسیاریەتی مەدەنی گەورەی دەکەوێتە ئەستۆی بەرامبەر ئەم تاوانە کۆمەڵکوژیانەی صدام و ڕژێمەکەی لە عێراق و کوردستان ئەنجامیان داوە.**

**سەنەدی ئەمەش لە یاسای گشتی نێودەوڵەتی دا هاتووە:**

**کە دەوڵەت وێڕای کۆمەڵێك مافی سیاسی کە هەیەتی لە بەرامبەردا کۆمەڵێك ئەرك و ئیلتزاماتی دەکەوێتە سەر.**

**بەڵام بۆی نیە مافی پاراستنی سنور وزامنکردنی سەربەخۆی دەسەڵاتەکان زیاتر تێپەڕێنێت بە شێوەیەك کۆمەڵکوژی بخاتەوە یان تەجاوز بۆ سەر سنوری وڵاتانی تر بکات.**

**–لە یاسای نێودەوڵەتیدا دوو جۆر بەرپرسیاریەتی هەیە:**

**١– مسؤلية الجريمة کە ڕووبەڕووی کەسانی تاوانبار دەبێتەوە وەك صدام و دارودەستەکەی.**

**٢– المسؤلية المدنية، کە ڕووبەڕووی دەوڵەتی تاوانبار دەبێتەوە کە لەکاتی ئەنجام دانی تاوانەکەدا ئەمان لە دەسەڵاتدار بوون.**

*الوثائق القانونية لمحاكمة المجرمين و تعويض المتضررين:

١-اِتفاقية(عدم تقادم جرائم الحرب والجرائم المرتكبة ضد الانسانية لسنة ١٩٦٦).

نموونەی زیندووی ئەم ڕێکەوتننامەیە وڵاتی ئەڵمانیایە کە بەردەوام خەریکە قەرەبووی جولەکە دەکاتەوە لەسەر ئەو تاوانانەی هیتلەر لە چلەکانی سەدەی پێشوو بەرامبەر جولەکە ئەنجامی دابوو.

٢-اِتفاقية (مسؤولية الدول عن الاعمال الغير مشروعة).

کە لە مادەی(٣٠)ڕێکەوتنامەکەدا وێڕای دادگایی و تحمل مسؤوليات باسی قەرەبوو کراوە لە هەموو ڕوویەکەوە .

٣-قانون محكمه الجنايات العراقيه العليا.

٤-قانون المدني العراقي لە مادەی(٢٠٥)جەخت لەسەر زیانە مەعنەویەکان و قەرەبوویان دەکاتەوە.

* دادگایی سەرانی ئەنفال:

کەیسی ئەنفال لە دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق کە لە ساڵی٢٠٠٥ پێك هات زۆر بە گرنگی پێ دراو دوو دادوەر بینیان و ڕۆڵی داواکاری گشتی لەم دۆسیەدا زۆر گرنگ بوو.

دۆسیەکە (شەست)دانیشتنی خایاند و لەبەرواری ٢٠٠٦/٨/٢١ دەستی پێ کرد لە ٢٠٠٧/٦/٢٤ سزا بۆ (٥)کەس لە تۆمەتباران دەرچوو وە شەشەمیان ئازاد کرا.

هەر زوو دادگا ڕایگەیاند دۆسیەی ئەنفال لە ڕووی بەڵگەنامەیی یەوە زۆر دەوڵەمەندە، بەشێوەیەك سەرانی بەعس تووشی شۆك بوون .

- ڕۆژی ٢٠٠٨/٤/١٤ هەردوو پەرلەمانی کوردستان ، عێراق ئەنفالیان بە جینۆساید ناساند.

- لەگەڵ بڕیاری سزای تاوانبارانی ئەنفال دادگا لە ٢٠٠٧/٦/٢٤ فەرمانی گرتنی بۆ لیستێك بۆ تۆمەتباران کە ژمارەیان (٤٢٣) کەسە دەرکرد.

* بەڵام ئاکامەکان چی بوون؟!

دادگا بڕیاری دابەڵام تا ئێستا دەستگیر نەکراون.

-لە یاساکەدا هاتووە کە تاوانەکە تقادم ناکات.

- تۆمەتباران نابێت لە هیچ وڵاتێك مافی پەنابەریان پێ بدرێت.

**– قەرەبووی قوربانیەکان کوا، تا ئێستا حکومەتی عێراق پابەند نابێت کە قەرەبوو بدات.**
**ئەوەتا ئەڵمانیا قەرەبووی جولەکەکان دەکات،حکومەت مالیکی قەرەبووی کوێت دەکات بەڵام ئەنفال هیچ.**

***ئەوەی دەبوو بکرایە؟!**

**١– دادگایی سەرانی بەعس لە دادگایەکی نێودەوڵەتی بکرایە، وەك دادگای لاهای +نۆرمبێرگ .**
**٢–دەسەڵات بە یاسایەکی تایبەت(قوربانیان + سکاڵاکاران+ شایەت حاڵەکان+ تۆمەتباران)ی بپاراستایە.**
**٣– ئاماری وردی قوربانیەکان کە ئایا کەمتر یان زیاترن لە ١٨٢ هەزار.**
**٤–گۆڕە بە کۆمەڵەکان و ڕووفاتەکانیان.**
**٥–بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لەسەر ئەنفالچیان کە دەبێت ئەنجومەنی دادوەری هەرێم کە لە ٢٠١٠وە دەبێت دەستگیریان بکات وە ئەم بڕیارە بۆ داواکاری گشتی هەمووشارەکان چووە بەڵام جێ بەجێ ناکرێت.**

***چۆن کەڵك لە کارەساتی ئەنفال وەربگرین:**

**یەکەم: تایبەت بە کەیسی یاسای کارەساتەکە:–**
**١–دروست کردنی سەنتەرێك کە ئەندامەکانی ژمارەیەك (دادوەر + پارێزەر + چالاکی مەدەنی بواری ئەنفال)لە خۆ بگرێ‌کە کاریان لێکۆڵینەوەی یاسایی بێ لەسەر ئەم پرسە بە شێوەیەك کە لە بودجەی حکومەتی هەرێم پارەی پێویستی بۆ تەرخان بکرێت.**
**وە کار بکەن لەسەر بەڵگەننامەکانی دەستکەوتوو + ٥٠٠ تەن بەڵگەننامەی موخابەراتی عێراقی کە لە ئەمریکان + ملاحقەی یاسای تۆمەتباران + جاش وخۆفرۆشان.**
**٢– سەنتەری دۆکۆمینتاری کە کاری ئەم سەنتەرە(دۆکیۆمێنتەکان + دانانی لە پڕۆگرامی خوێندن +ساغ کردنەوەی ژمارەی قوربانیەکان.**
**٣– داواکاری گشتی لە هەرێم بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکان جێ بەجێ بکات بە دەستگیر کردنی تۆمەتباران و دەسەڵاتیش هاوکار بێت.**
**٤–دەبێت دادگایی سەران و تۆمەتبارانی ئەنفال لە کوردستان بەردەوام بێت.**
**٥–ژمارەیەك پارێزەر لە وڵاتی دایك سکاڵا لەسەر کۆمپانیاکان تۆمار بکەن.**

دووەم: لە ڕووی ئایینیەوە:

فەتوای شەرعی بۆ چارەنووسی کچانی ئەنفال دەربکرێت.

سێیەم: لە ڕووی سیاسیەوە:

١- بەجینۆساید نانساندن بگاتە هەموو پەرلەمانەکانی جیهان.

٢- پەرلەمانتاران لە بەغدا فشار بکەن بۆ قەرەبوو کردنەوە و تەرخان کردنی بودجەیەك وەك ئەو تەرخان کردنەوەی کە بۆ کوێت کراوە.

٣- بە ئەرشیف کردنی تاوانەکەو بە نێودەوڵەتی کردنی.

٤-بەهاوکاری کردنی پۆلیسی نێو دەوڵەتی(ئەنتەر پول)تۆمەتباری کەیسی ئەنفال (نزار خزرجی)کە لە ئەوروپا پەناهەندەیە دەستگیر بکرێت.

٥-پاراستنی هەریەکە لە شایەتحاڵ وسکالآکارو تۆمەتبارانی کەیسی ئەنفال.

٦-پەرلەمانی کوردستان کۆمەڵێك یاسای تایبەتی دیکە بۆ ڕێکخستنی داخوازی قوربانیانی ئەنفال دەر بکات.

٧- کاراکردنی ئەو یاساو بڕیارانەی لە پەرلەمان دەرچوون وەك بڕیاری ژمارە ٥ی ساڵی١٩٩٩ هەروەها یاسای ژمارە ٥ ی ساڵی ٢٠٠٥ قانون حمایە المقابر الجماعیە العراقیە.

٨- بڕیاری لێبوردنی جاش و مستشارەکان کە لەلایەن بەرەی کوردستانیەوە دەرچووە، بە پێ ی ماددەی (١٧) لە یاسای دادگای باڵآی تاوانەکان نایاساییەو ئەم تاوانە بە هیچ شێوەیەك بەسەر ناچێت.

چوارەم: لەڕووی قەرەبووکردنەوەوە:

وە قەربوو کردنەوەکەش بەم شێوەیە بخرێتە ئەستۆی حکومەتی عێراق:

١-گەڕاندنەوەی مافەکان، کە دەبێت حکومەت هەموو ئەو بڕیارانە هەڵوەشێنێتەوە کە دژن لەگەڵ ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتی و پرنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤ ، لەوانەگەڕاندنەوەی مومتەلەکات+ جنسیە...

٢-ڕاهێنانەوەو چاودێری پزیشکی و دەروونی قوربانیەکان.

٣-قەرەبووکردنەوەی کوشتن و ئازاری جەستەیی و عەقلی.

٤-قەرەبووکردنەوەی زیانە جەستەییەکان.

٥-قەرەبووی زیانە مەعنەویەکان.

٦-قەرەبووی زیانەکانی ژینگە.

٧-گەرەنتی ئەوەی کە ئەنفال دووبارە نەبێتەوە.

پێنجەم: ژیان و گوزەرانی قوربانیان:

١-لە هەموو باجێك ببوردرێن.

٢-ئیمتیازاتی وەزیفی و خوێندن بیانگرێتەوە.

٤-ناوچەکانیان بکرێتە ئاوەدانی پلە یەك لە هەرێم.

٥-بانکێك بە قەرەبوویان بکرێتەوە.